راگەیاندنی ڕۆژنامەگەری1

# بۆ هەموو دەزگا و هۆ ڕاگەیاندنەکانی ناوەوەو دەرەوە

*19/12،ڕۆژی دەستپێکی مانگرتنی پەنابەرانی کوردە لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی یاسا دژە پەنابەریەکان لە سویسرا .*

*<u>بۆ بەرەسمی ناسینی مافی پەنابەرێتی سیاسی بۆ هەموو پەنابەرانی کوردستانی عێراق</u>*
*<u>بۆ ڕەتکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی یاسای دیپۆرت و سنورداشکردنی زۆرەملێیی</u>*
*<u>بۆ گەڕاندنەوەی مافی کار بۆ پەنابەرانی بێ وەڵام</u>*
*<u>بۆهەڵوەشانەوەی بڕیاری بە ئاسایش ناسینی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن دەوڵەتی سویسراوە</u>*

هەموو ئەو داواکاری و داخوازیانە لە مانگرتنیکی گشتگیردا دەبنە ئامانجی ستراتیژی فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی لە شاری ( زیورخ)ی مێترۆپۆڵی ئابوری سویسرا.
ئەو مانگرتنە ماوەیەکی درێژخایەنە لەلایەن فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی و کۆمەڵێک ڕێکخراوی بەرگریکار لە مافی پەنابەری و بێگانەکان پلانرێژی و ئامادەکاری بۆ دەکرێتو پشتیوانیەکی بەهێزیشی لە سەر ئاستی کۆمەڵگای سویسرادا لە لایەن کەسایەتی و ڕێکخراو و پارتە چەپو مرۆڤدۆستاکانەوە بەدەست هێناوە،
بەپێی دەرکەوتنی ئامادەکاریەکانی ئەوکامپانیایە کە بڕیارە لە ڕۆژی 19/12 وە دەست پێبکات، لەلایەن پەنابەرانەوە پێشوازیەکی بەرچاو و فراوانی لێکراوە و بە پێی بەدواداچونەکان تاکو ئێستا نزیکەی40 پەنابەری کوردستانی عێراق ئامادەن بۆ بەشداری کردن لە پرۆسەی ئەو مانگرتنەدا.

<u>تێبینی</u>
بۆ هەر لیدوان و بە دواداچونێکی رۆژنامەگەری لە بەردەوامی و ئاکامەکانی ئەم مانگرتنە تکایە پەیوەندی بگرن بەم کەسانەوە.

1- جمال کۆشش/ ژمارە تیلفۆن 0787557786

2-ئەحمەد علی / ژ ت 0788532004

3-جوتیار ژ ت 0789138961